# لوتی کەسێک بچێتە خۆڵدا؛ ئەگەر ناوی من لە لای ئەو باسبکرێت بەڵام سەڵاواتم لەسەر نەدات

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لوتی کەسێک بچێتە خۆڵدا؛ ئەگەر ناوی من لە لای ئەو باسبکرێت بەڵام سەڵاواتم لەسەر نەدات».
[صەحیحە] [تورموزی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

لەم فەرموودەیەدا باسی مەسەلەیەکی گرنگ کراوە ئەمیش بریتیە لە فەرمانکردن بە سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، کە نزای کردووە لەسەر ئەو کەسەی کە ناوی ببیستێت وسەڵاواتی لەسەر نەدات لووتی بچێتە خۆڵدا؛ ئەمیش نیشانەی چروکی وغەفڵەتی ئەو کەسەیە بەهۆی وازهێنان لە سەڵاواتدان لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لەگەڵ بوونی تواناداا؛ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- نزای لەسەری کرد چونکە ئەم جۆرە کەسە نە خێری بۆ خۆی دەوێت لەبەر ئەوەی هەرکەسێک یەک سەڵاوات بدات لەسەر پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ئەوا خوای گەورە دە سەڵاواتی لەسەر دەدات ونە دەیەوێت نزا بۆ پێغەمبەرەکەی بکات کە خودا فەرمانی کردووە بە سەڵاواتدان لەسەری.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/6014

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee